# قەیرانەکانی چە پ و
# نە بوونی بەرنامەیەی کاری هاوبەش
# یا بەرەیەکی یەکگرتوو

**سەدر محەمەد**

– ئەگەر سەرپێیی چاوێک بخشێنین بەمێژووی دوو دەیەی ڕابردووی چەپ و کۆمۆنیستیدا چ لە عێراق یا ئێراندا, بەتایبەت ئەو چەپەی کە بەناوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ سەری هەڵداو دوایی بوو بە کۆمۆنیزمی کرێکاری, مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە لە جیابوونەوە[انشقاق]ودواتر نەبوونی بەرنامەیەکی کاری هاوبەش لەگەڵ یەکتر, کە ئەمەش سەرەنجام ئەبێ بەهۆی بێ هێزبوونی بزوتنەوەکە لە ناوچەکەدا.

کارێکی زۆر ئاساییە کە جیاوازی بیروڕا هەبێ لەنێوان ئەندامانی پارتێکدا دەربارەی شیکردنەوەی هەندێ شت, وە هەر ئەمەشە ئەبێتە داینەمۆی بەرەو پێشەوە بردنی پارتەکە, بەمەرجێ بەشێوەیەکی دروست و ئسولیانە مامەڵەی لەگەڵا بکرێ.

– لەسەرەتادا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا خەتی خۆی لەگەڵ چەپی کۆن جیا کردەوەو بەیەکگرتنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و اتحاد مبارزان توانی سەرو سیمایەک بەخۆی بداو حزبی کۆمۆنستی ئێران[حکا] پێکبێنن, کەئەمە بەخاڵێکی گرنگی وەرچەرخان ئەژمێردری و کاریگەریەکی زۆریشی هەبوو لەسەر چەپی عێراق,کە ئەوکات کۆمەڵێک گرووپی مارکسی هەبوون وەک [ڕەوتی کۆمۆنیست ]و[دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا]و[هەستەی کرێکار]و[عوسبەت شوعین]....هتد, کە دواتر ئەمانیش لەژێر کاریگەری [حککا ]دا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق [حککع]یان پێکهێنا.

– [حکا] پاش ماوەیەک لە تەمەنی ئەبێ بە دوو بەشەوە,بەشێک هەر بەهەمان ناو ئەمێنێتەوەو بەشەکەی تریش حزبی کمونستی کرێکاری ئێران [حککا] بەرابەرایەتی مەنسوری حکمەت پێک دێنێ.لەناو [حکا] دواتر بالی کۆمەلەی زەحمەتکێشان جیا ئەبێتەوە.

لە ناو حککع دا هەندێ لە کادران کەباوەڕیان بە کۆمۆنیزمی کارگەری نەبوو دواتر جیابوونەوە و بزووتنەوەی بنیاتنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست_ عیراق یان پێک هێنا کەدواتر ناوەکەیان گۆڕا بۆ یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق.

–ئێستاش حککا دوای گیان لە دەست دانی مەنسوری حکمەت توشی گەورەترین انشقاق بووەو بووە بە دوو باڵی سەرەکی[حککا–تقوایی]و[حککا–حکمەتیست]بەڕابەری کۆرشی مدرسی. بێگومان هەر ئالوگۆرێک لە ناو حککا دا وەک هەمیشە ئالوگۆری لە ناو حککع دا بەدیهێناوە کە سەرەنجام کۆمەڵێک کادر نارەزایەتیان دەربری بەرامبەر هەڵوێستی حککع لە ژێر ناوی فراکسێونی چەپدا و دواتر ئەمانیش حزبی کومونستی کرێکاری چەپی عێراقیان [حککچع]پێک هێنا.

-من,وەک مرۆڤێکی بێ لایەن وە کەم تا کورتێکیش ئاشنایەتیەکم لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا هەبووە, نامەوێ بچمە سەر تەفاسیلی ئەو جیابوونەوانە, کەئاخۆ کامەیان ڕاستە یا هەڵەیە,وە مەسەلەی جیابوونەوەو دامەزراندنی هەر حزبێکی سیاسی کە بتوانێ دارێک لەسەر بەردێک دابنێ بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە خاڵێکی [ایجابی] باشی ئەزانم بە مەرجێ ڕێز لە بیروڕای جیاواز بگیرێ و ڕوحیەتی کاری هاوبەش نەکوژێ, لێرەدا ئەمەوێ چەند ووردە سەرنجێکی خۆم لەسەر سەرجەم ئەم ئالوگۆڕانەو بە تایبەت نەبوونی بەرنامەیەکی کاری هاوبەش[اتحاد العمل] یاخود بەرەیەکی چەپی یەکگرتوو لە نێوان چەپەکاندا بنوسم.

– ئەوەی کە جێگای سەرنجە بەلای منەوە لەهەر جیابونەوەیەکدا هەرچی پەیوەندی و هاوکارییەک هەیە لە ڕەگەوە دەبڕدرێ و هەر لایە زەربێک بەسەر ئەوەی ترا ئەهێنێ وەک ئەوەی هەرچی نەهامەتی و مەئەساتی نیزامی سەرمایەداری هەیە لە ئەستۆی لایەکەی ترابێ و ئەخرێتە خانەی دوژمنەوە بێ ئەوەی هەلسەنگاندنێکی بابەتیانەو واقعیانە بکرێ بۆ کێشەوجیاوازیەکانیان و ڕادەی دووری و نزیکیان لەیەکترەوە لە ڕووی پەیڕەووپڕۆگرامەوە بەبەراورد لەگەل پارت و ڕێکخراوەکانی تری غەیرە چەپ.

– ئەگەر بەووردی سەیری بەرنامەو شیعارە سیاسیەکانی هەر یەک لەو پارتە سیاسیانەی سەرەوە بکەین زۆر بەڕوونی ئەمەمان بۆ دەرئەکەوێ کە خاڵی هاوبەش یەکجار زۆرە لەنێوانیان, تەنانەت ئەتوانین بڵێین کە هەندێکیان کۆپی یەکترن هەر لە دیفاع لە مافی ئافرەتانەوە بگرە تا ئازادی بیروڕا, چاپەمەنی, مانگرتن,مافی منالان,کاری کرێ گرتە,ستەمی میللی, حقوقە مەدەنی و فەردیەکان ......هتد,

**ئایا ناکرێ لەسەر بەشێکی زۆری ئەم خا ڵانە ڕێککەوتنێک بکرێ بۆ کاری هاوبەش بۆ دەستەبەرکردنی هەریەکێ لەم مافانە, لەکاتێکدا هەریەکەی خۆی بەمدافعی سەرسەختی هەر یەکە لەم خاڵانە ئەزانێ ؟**

ئیمڕۆ هەرچی ئەحزابی قەومی و بورجوازی هەیە بەدوای هاوپەیمانێتی[تحالفات]ی خۆیدا ئەگەڕێ بۆ ئەوەی هێز کۆبکاتەوە,ئەمریکا کەخۆی گەورەترین دەسەلاتی سیاسی وسەربازی هەیە لەجیهاندا,ئیمڕۆ بەدوای هاوپەیمانێتیدا دەگەڕێ لەگەڵ وولاتان, کاتێک بەنیازی کارێکە ئەگەر خۆی بەتەنیاش بتوانێ ئەنجامی بدات. سالانێک کەهەندێک وولاتانی بەناوئیشتراکی هەبوو, رووسیا هەبوو وەک پەناگایەک و یارمەتیدەرێک ئێستا بۆ ئەمان ئەمەش نییە.

ئێستا لەڕۆژگارێکدا ئەژین کەڕۆژانە بەبەرچاوی هەموانەوە لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێتەوەمۆدیلی سەربڕینی سەردەمی جاهیلیەت بە شمشێر پەخش ئەکرێ, هەزارویەک ئەحزاب ودەستەو تاقمی گەندەڵ وتۆقێنەر ڕمبازیانە لە ناو گۆڕەپانی عێراق و لەئێرانێکدا بەبەرچاوی هەموانەوە ئافرەت بەردباران و سەنگەسارئەکرێ,لەڕۆژگارێکدا کە بازاڕی سەرمایەداری و[عولمە] هیچ سنوورێک بەخۆیەوە ناهێڵێ ولەدوری چەندین کیشوەرەوە, زێدەبایی و هەرچی هێزی کار هەیە هەڵی دەلوشێ.......هتد. کەچی چەپیش کەوتۆتە سەنگەرگرتن لەیەکتر, قەینا جیابوونەوە, بەلام بۆ نەفی کاری هاوبەش بکرێ؟ بۆ دان بەیەکترا نەنرێ؟ زۆر بەداخەوە هاوینی ئەم ساڵ لەئەندامێکی مەکتەب سیاسی حککع م پرسی ئایا هیچ پەیوەندی وکاری

هاوبەشتان هەیە لەگەڵ یەکێتی کۆمۆنیستەکانی عێراق؟ زۆر بەسادەیی ووتی جا ئەمانە کێن؟ چەند نەفەرن؟ بەهەمان مەنتقی یەکێتی و پارتی کە وەختی خۆی بە حککع یان ئەوت وەلامی داوە.لام وابێ ئەبێ جێگای خۆشحالی هەر پارت و ڕێکخراوێکی چەپ وکۆمۆنیست بێ ئەگەر هەر[ هێزێک یا ڕێکخراوێک یا کەسانێکی سیاسی]کەدیفاع لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بکات, لەگۆڕەپانی ململانێی سیاسی عێراق یا ئێران, نەک خۆشحاڵ بێ بەڵکە ئەبێ گیانی هاوکاریشی هەبێ لەگەڵیا بۆ ئەوەی بتوانن تای تەرازوی هێزی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر ڕاگرن لەبەرابەر دەیان هێزی ئیسلامی و کۆنەپەرستی وەک سیستانی و مقتەدا سەدرو یاوەر و خاتەمی ورەجەوی...هتد. بەڕاستی خەیام جوانی فەرمووە کە ئەڵێ 72 تیرە لە ئیسلامدا هەیەو هەریەکەش خۆی پێ ئیسلامی تەواوەو ئەوی تری پێ کافرە, ئێستاش هەمان شتە لەناو چەپەکاندا. ئەگەر حزبە بورژوازی وقەومیەکان بۆ کورسی دەسەلات هەموو شتێک بکەن بە قوربانی و ئامادەیی کاری هاوبەشیان نەبێ, خۆ ئەمان بڕوایان بەکورسی نییە, ئەوەندەی لەئەدەبیات و نوسینەکانیاندا باس لەئازادی سیاسی ,بیرورا, چاپەمەنی,مافی کۆڕوکۆمەلە......
دەکرێ,لەهیچ ڕێکخراوێکی ترا ئەمە نابینی.

– خاڵێکی تری سەرەکی بەلای منەوە ئەوەیە لەناو چەپدا ڕوحییەتی قبوڵکردنی یەکتر بەبیروڕای جیاوازەوە زۆر کەمە یان هەر نیە. یان ئەبێ 100% لەگەڵ ئەم خەتە بی یان هەر ڕادەربڕینێکی جیاواز ئاکامەکەی بێگومان یا دەرکردن یا هەڵپەساردن[تجمید]یان مۆڵەتی 24 سەعاتی دانراوە بۆ پەشیمان بوونەوە, تا دوێنێ فراکسیۆنی چەپ لە ناو حککع دا زۆر هاواری کرد کە ئێمە نامانەوێ جیا بینەوە لە حزب, بەڵام حزب ئەمەی پێ قبول نەکرا.[ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێیی بدەینەوە ئەرشیف پڕیەتی لەم نمونانە].

لام وابێ ئێستاش سەردەمی حزبی واحد و حزبی قائد نەماوە و شێوازی بەڕێوەبردن ئێستا لە زۆربەی وولاتان لە ڕێگای نیزامی فرە حزبییەوە بە ڕێوە دەچێ, کە چەند حزبێک[ئەوانەی تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن]چ لە هەڵبژاردندا یا پێکهێنانی حکومەتدا دەبن بە هاوپەیمان و لەبەرەیەکدا کۆ ئەبنەوە.

لە کۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم ,**ئیمڕۆ چەپ وکۆمۆنیستەکان نەک لەعێراق و ئێران لە هەمووجیهان هیچ پەناو پشتیوانیەکی تری نیە جگە لەخۆی. ئێستاش بزوتنەوەی چەپ چ لە ناوچەکەو چ لەجیهاندا لەکەناری ڕووداوەکاندا وەستاوەو بێ ئەوەی توانای دەخالەتێکی ڕاستەوخۆو بەرچاوی هەبێ, پەرش وبلاوی وجیابوونەوە,لەگەڵ نەبوونی بەرنامەیەکی کاری هاوبەش ئەوەندەی تر بەرەو کـەناری بێ هـێزی ئەبـات.**

**2004-11-20**